# ئۆلاڤی پیرۆز (۹۹۵-۱۰۳۰)

ئۆلاڤی پیرۆز لە ڕاستیدا ناوی ئۆلاڤ هارالدسۆنە. تەمەنی تەنها دوانزە ساڵان بوو کە بووە جەنگاوەرێکی ڤایکینگی بەناوبانگ. ئۆلاڤ وەک جەنگاوەرێکی زیرەک ناسراوبوو، وە پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە پانزە ساڵی، ببووە سەرکردەی سوپایەکی ڤایکینگ و لە ئینگلتەرا و فەرەنسا پاڵەوانێتی دەنواند. لەو کاتانەی لە فەرەنسا بوو، بە ئاینی کریستیانی (مەسیحیەت) ئاشنابوو، و لەسەر داوای خۆی لە کڵێسای ڕووان (Rouen) تەعمید کرا.




*Fotografi av maleri: zatletic, Adobe Stock.*

## ئۆلاڤ دەبێتە پاشای نەرویج

لەو سەردەمەدا پاشای دانمارک دەسەڵاتی بەسەر نەرویجدا هەبوو. بەڵام ئۆلاڤ بڕیاریدا کە لە هەوڵداندا بێت بۆئەوەی خۆی ببێتە پاشا. زۆر لە گەورە پیاوان ئەمەیان لا قەبووڵ نەبوو، هەربۆیە سوپایەکی گەورەیان کۆکردەوە بۆئەوەی لە وڵات دەری بکەن. ئۆلاڤ لە جەنگێکی دەریاییدا لە ساڵی ۱۰۱۶ توانی بەسەریاندا سەرکەوێت و دەسەڵاتی بەسەر سەرانسەری نەرویجدا بگرێت.

ئامانجی ئۆلاڤ ئەوەبوو کە هەموو وڵات بکاتە کریستیان. هەربۆیە دەستی کرد بە بونیادنانی کڵێسا و وێنەی خواوەندەکانی دڕاند. ئۆلاڤ توانی قەناعەت بە زۆر کەس بکات کە ببنە کریستیان، بەڵام ئەوانەی نەیاندەویست بە خواستی خۆیان ببنە کریستیان، دەبوایە لە نێوان دوو بژاردەدا یەکیان هەڵبژێرن. یان ئەوەتا بکوژرێن یان ئەوەتا ببنە کریستیان. ئەو کەسانەی کە نەچوونە ژێر باری داواکەی ئۆلاڤ، ڕووبەڕووی زمانبڕینەوە یان چاو دەرهێنان بوونەوە. هەندێک بە زیندووی خرانە چاڵەوە و زیندەبەچاڵ کران.

## ئۆلاڤ ناچار دەبێت بۆ دەرەوەی وڵات ڕابکات

لە ساڵی ١٠٢٠ پاشای نەرویج لە ڕێی دەریاییەوە بەرەو نەرویج هات. دەیویست دەست بەسەر نەرویجدا بگرێتەوە. ئۆلاڤ کاتێک زانی کە سوپای پاشای نەرویج زۆر لە سوپاکەی ئەم بەهێزترە، بڕیاریدا بەرەو ڕووسیا ڕابکات. دوو ساڵ لە ڕووسیا مایەوە و پاشان سوپایەکی بچووکی کۆکردەوە و بەرەو نەرویج گەڕایەوە.

## جەنگی ستیکلەستاد (Stiklestad)

لە ٢٩ی جولی ١٠٣٠ ئۆلاڤ لە ستیکلەستاد ئامادەبوو بۆ جەنگ. توانی تەنها ٣٦٠٠ کەس کۆبکاتەوە. سوپای بەرامبەر چوار هێندە جەنگاوەری هەبوو. جەنگێکی خوێناوی ڕوویدا.
جەنگاوەرانی ئۆلاڤ بە توندی بەربەرەکانێیان کرد لە جەنگەکەدا بەڵام لە کۆتاییدا ناچاربووون تەسلیم بن. یەکێک لە دوژمنەکان توانی تەورەکەی لە ڕانی پاشا گیربکات. کەمێک دوای ئەوە ڕمێک بەر سکی ئۆلاڤ کەوت. لە کۆتاییدا شمشێرێک لە ملی درا و ئیتر مرد.



*Fotografi av alter: Lisens: Public domain.*



*Maleri: Peter Nicolai Arbo, lisens: fri.*

# ناوزەدکردنی ئۆلاڤ بە کەسێکی پیرۆز



*Fotografi: Olena, Adobe Stock.*

لاشەی شا ئۆلاڤ لە ناو لم لە نیدێلڤا (Nidelva) لە نیدارۆس (شاری ترۆندهایم)ی ئێستا نێژرا. پاش ماوەیەکی کەم خەڵک باسیان لەوە کرد کە شتێکی سەیر لە گۆڕەکەی ئۆلاڤ ڕووی داوە. دوای دوانزە مانگ و پێنج شەو لاشەی پاشا لە گۆڕ دەرهێنرایەوە. بۆنی لاشەکەی وەک مردووانی دیکە ناخۆش نەبوو، بە پێچەوانەوە بۆنێکی زۆر خۆش لە لاشە و گۆڕکەی دەهات. ڕوومەتەکانی پاشا وەک کەسێکی زیندوو سوور بوو، وە بە ڕوونی تێبینی ئەوە کرا کە قژ و نینۆکەکانی وەک کەسێکی زیندوو درێژ ببوون. ئەمەش وایکرد کە قەشە و پیاوانی ئاینی و پاشای نوێی وڵاتیش ئۆلاڤ وەک کەسێکی پیرۆز ناوزەد بکەن. لاشەکەی لە گۆڕەکەدا دەرهێنرایەوە و خرایە ناو تابووتێکی جوانەوە لە کڵێسای "کلێمەن" لە نیدارۆس نێژرایەوە. بەو شێوەیە ئۆلاڤ پاشا پیرۆزکرا، و وردە وردە خەڵکی لە تەواوی ئەوروپاوە دەهاتن بۆ سەر گۆڕەکەی.

# Kilder:

- Midgard 6, samfunnsfag
- Gaia 6, samfunnsfag
- Store norske leksikon